# بەسیاسەتێکی کۆمەڵایەتی داڕێژراو دەتوانین

**سیاسەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆی تێڕوانینە سۆسیۆلۆژی و فەلسەفییەکانی هەر دەوڵەتێك بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. یا بەمانایەکی تر بریتییە لە کۆمەڵێك ستراتیژییات و ڕێوشوێنی بەکارهاتوو بۆ دەستەبەرکردنی**

پرۆفیسۆر(د.فوئاد ئیبراهیم سەراج ):



**نە لە کۆمەڵگەی کوردی و نە لەعێراقیشدا سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی نابینم**

لە پێوند بە گرنگی وەها مەسەلەیەك کە دوارۆژی وڵات و کۆمەڵگەی پێوە بەستراوە مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین پرۆفسۆر ( د.فوئاد ئیبراهیم سەراج ) کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو لایەنە باشتر ڕووندەکاتەوە و دەڵێ: ڕاستە شتێك هەیە پێدەگوترێ (سیاسەتی کۆمەڵایەتی) و سۆسیۆلۆجیاش کە زانستێکی یەکجار گرنگە لە پێوند بەم بابەتەوە، بەپێوەری زانستیانەی ورد لەم باسە دەکۆڵێتەوە. سیاسەتی کۆمەڵایەتیش بابەتێکی پانوپۆڕ و بەرفراوانە، هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەتایبەتیش دیاردە و پێوندییە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر لایەنی دیکە. کۆمەڵگەش ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕان دایە، بەم پێییەش زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە لەگەڵ ڕۆژگاردا لە کەڵك دەکەون یا هەر مانەوەی ئەم جۆرە پێوەندیانە زیان بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لێرەوەیە کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بەو پێوندیانەدا دەچێتەوە و کۆمەڵگە ئامادە دەکات کە ئەو پێوەندیانە تێپەڕێنێ، بە مەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگەکە. بۆیە دەوڵەت دەبێ بەپێی سیاسەتێکی داڕێژراوەوە، ناوە ناوە بەپێی پلان، بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا بچێتەوە.. دیارە بۆ ئەوەی وردتر لە باسەکە بڕوانین پێویستە پێناسەی زانستیانەش بۆ ئەم چەمکە بکەین، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەش مامۆستا (شەهلا وەلی جەبار) کە مامۆستای کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدینە دەڵێ: پرۆفیسۆر مارشال «بەمجۆرە پێناسەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەکات، کە سیاسەتی حکومەتە و کۆمەڵێك پەیڕەو و پرۆگرام لەخۆ دەگرێت و بۆ دەستەبەرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و مسۆگەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و.. تاد، دادنرێت. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەی کە (کۆلێر) لە کتێبەکەیدا بەناوی (ئابووریبوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتی)، هەوڵ دەدەین پێناسەیەکی گونجاو بخەینە ڕوو کە تێیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زۆر جددی لەگەڵ مەسەلە سیاسییە هەنووکەییەکان تێکچڕژاوە. بەڵام لەڕووی مێژووییشەوە، چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی (Social Policy) لەسەدەی (١٩) لەنێو شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاتە ئاراوە، ئەوکات پێیدەوترا (مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان) وەك نیشانەیەك بۆ دەرکەوتنی پێوەندی نێوان خاوەن کار و کرێکار، هەروەها گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کە بە پیشەسازی بوون لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی. ئینجا سیاسەتی کۆمەڵایەتی بوارێکە پێوندییەکی توندی بە ئایدیۆلۆژیاوە هەیە و بەئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو یان کەمکردنەوەی ئاکامی کێشەکان، بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی، ئەوا سیاسەتی کۆمەڵایەتی هاتووەتە ئاراوە. لەمەوە مومکینە بتوانرێت چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی لای خوارەوە ڕوون بکرێتەوە:

١. سیاسەتی کۆمەڵایەتی چالاکی و جموجۆڵێکی لەخۆوەیی نییە کە پشت بە شێوازی ئەزموونکردن و هەڵەکردن ببەستێت، بەڵکو ڕێوشوێنێکی ئەقڵانی پلان بۆ داڕێژراوە، کە سەرەداوی کێشەکان، میکانیزم و ئامانج لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە، دەستنیشان دەکات.

٢. سیاسەتی کۆمەڵایەتی شوناسی خۆی لە ئایدیۆلۆژیای ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێت کە مەبەستە لەسەری پراکتیزە بکرێت. بۆیەلێرەسینەوە بابەتییەکان سەبارەت بە گشتاندنی پێناسەیەکی دیاریکراوی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگەیەك کە کلتووری جیاجیای تێدایە، ئاگادارمان دەکەنەوە.

٣. بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە زەمەنێکی دیاریکراو، جودا نییە. ئالێرەدا تێبینی دەکرێت کە ئامانجەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر کۆمەڵێك کێشەی دیاریکراو لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو، دەکاتەوە وەك (خوێندن، تەندروستی، کار، شوێنی نیشتەجێبوون)، کە ئەولەوییەتی هەریەکێك لەم بوارانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازە، کەواتە چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەلایەکەوە چەمکێکی لێکچڕژاوە کە کردە، ڕێوشوێن، تەشریعات و ڕێکخستنگەلێك لەخۆ دەگرێت و ئامانجی دەستەبەرکردنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە. هەروەها چەمکێکی ڕێژەییە، چونکە بە پێشکەوتن، دواکەوتن و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە ئەویش دەگۆڕدرێت و گەشەی پێدەدرێت.

**ئەو کۆمەڵگەیانەی کە سیاسەتی کۆمەڵایەتیان نییە چارەنووسیان چییە یان بەلایەنی کەمەوە ئاسۆی دوارۆژیان بە چ ئاقارێکە؟**

چ دەوڵەتێك ئەوەندە لە غەفڵەتدایە کە ئەم لایەنە زێدە گرنگ و پڕ بەهایە فەرامۆش دەکات و ستراتیژییەتێکی نییە بۆ بەڕێوبەردنی کۆمەڵکەکەی.. پرۆفیسۆر(د.فوئاد) لەمبارەییەوە دەڵێ: کۆمەڵگەیەك کە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی نەبێ کارەساتی لێدەقەومێ. مەبەستم ئەوەیە سەرلەبەری کایەکانی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکەی پشێوی و بێسەروبەری تێدەکەوێ. لەڕووی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەشی دووچاری پەشۆکان و هەڵچوون و داچوون دێت. بێگومان ئەوش ڕەنگدانەوەیەکی سلبی دەبێ لەسەر کەسایەتی




گوڵان
ژمارە (٧٩٣)
٢٠١٠/٨/٩

# دواڕۆژێکی گەش بۆ کۆمەڵگەکەمان دابین بکەین

**ئامانجگەلێکی دیاریکراو، یا دەشـێ بڵێین کۆمەڵێك ئامرازی ستراتیژیین کە بۆ دەستنیشانکردنی واقیعی کۆمەڵگە و دیاریکردنی ئەلتەرناتیڤە جیاوازەکان وەگەڕ دەخرێن. بۆیە ناکرێ باس لەژیانی کۆمەڵایەتی هیچ کۆمەڵێك بکەین بەبێ وەها سیاسەتێك.**

تـــاك و خێزان، هەر وەك ئێســـتاكە لە گۆمەڵگەی عێراقیـــدا دەبینیـــن کە چ پشـــێوییەك دووچاری عێراقییەکان بۆتـــەوە. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین کە یۆنانییە کۆنـــەکان بایەخێکی تایبەتی و زۆریـــان بـــە زانینی رەفتـــاری کۆمەڵایەتیانە و پاڵنەرەکانی مرۆڤ دەدا. ئەوان پێش ئەوەی بایەخ بە رۆڵی پێوەندییە سیاسییەکان و پابەندبوونە تایەفەیی و ئایینی نەژادی بـــدەن، زۆریان بایەخ بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدا. هەر لەبەر ئەوەشـــە دەبینین کە کەسایەتی زۆر دیاریکراو و تایبەتمەند لە وڵاتی گریك دەرکەوتـــن، کە دەســـکەوتی یەکجار گەورە و گرنگیـــان بۆ کۆمەڵگەی یۆنانـــی و جیهانیش بەدەستهێنا..

**به بڕوای مامۆســـتا (شـــەهلا)ش:** زۆربەی وڵاتە پێشـــکەوتووەکان بۆ گەشـــتن بە خۆشـــگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە حوکمکردنیاندا پەیڕەو لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەکەن و پێیانوایە بۆ دەســـتەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەشـــینەوەی سەرچاوە مـــاددی و مرۆییـــەکان بەســـەر هاووڵاتیانیانـــدا پێویستییان بە بوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەیە. هەروەها لە وڵاتانی تری تازە گەشەسەندوشدا خەریکە دەرك بە پێویســـتیبوون و زەرورەتی ئەم بابەتە بکەن و لە وڵاتێکی وەك تونس پەیڕەوی لێکراوە، هەروەها میســـر و وڵاتانی کەنداو هەنگاوە یەکەمییەکانیان سەبارەت بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکانیان، هاویشـــتووە.. سەبارەت بەوەش کە پایەکانی ئەم سیاســـەتە دەبێ لەسەر چ بنەمایەك دابڕێژرێت (د.فوئاد) پێیوایە کە لە پرۆسەی بنیادنانـــی کۆمەڵایەتیـــدا

مامۆستا (شەهلا جەبار وەلی):



## زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی داڕێژراویان هەیە

پایـــە و توخمی گرنـــگ هەن کە هـــەر دەوڵەتێك دەبێ پەیڕەوی لێبکات، لەوانـــە بنیادی پەروەردە، بنیادی کۆمەڵایەتی، رۆشـــنبیری، ئابووری.. تاد ئەوانـــە شـــێواز و ئامرازی ئەو سیاســـەتەن. بەڵام چۆنیـــان دادەڕێژیەوە، بۆچ ئامانج و مەبەســـتێك دایاندەڕێژیتـــەوە، ئـــەوە گرنەگـــە، نـــا تەنانەت هـــەر زۆر ترسناکیشـــە. کۆمەڵگە بـــەو ئامرازانە رێکدەخرێ. ئینجا ســـەرەتاکەش لـــە قوتابخانەوە دەســـتپێدەکرێ، پاشـــان دەگوێزرێتەوە بـــۆ خێزان، ئەوجـــا یەکە کۆمەڵایەتییەکانـــی دیکەش، کە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیانە لە عێراقی تـــازەدا زۆر گرنگە. ئەمەش مانـــای وایە، یەکەم «چاوخشـــاندنەوە بە بنیاد و پێکهاتی کەســـایەتی منـــداڵ. دووەم « چاوخشـــاندنەوە بە بنیادنانەوەی پێکهاتی کەسایەتی مامۆســـتا و فەراهەمکردنی سەربەخۆیی بۆ مامۆستا. ســـێیەم: سەربەخۆیی بوونی بواری فێرکردن و بە دیموکراسیکردنیشی لە هەموو ئاستەکانی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆدا.

### ئایا ئێمەی کورد سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە؟

کۆمەڵگەی کوردەواریمان نزیکەی بیســـت ساڵێکە لەژێر چەپۆکی رژێمی ســـەرکوتکەر و وێرانکەری بەعس رزگاری بووە، کورد حکومەت و دەســـەڵاتی سیاســـی خۆی هەیە و ئیدارەی ئەم وڵاتە دەکات، پرســـیارەکە لێـــرەدا ئەوەیە ئایا ئێمە سیاســـەتێکی کۆمەڵایەتیمان هەیـــە؟ (د.فوئاد) دەڵێ: نا نەخێر، نە لـــە کۆمەڵگەی کـــوردی و نە لە عێراقیشـــدا سیاســـەتێکی کۆمەڵایەتی بە مانای وشـــە نییە. هۆیەکانیش زۆرن، ریشەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیســـت دەگەڕێتەوە. هەندێ لایەنی ئەم مەسەلیە پێوەندی بە پگە و رۆڵی ژنی کوردەوە هەیە. تاوەکو ژن لە کۆمەڵگە دا، لـــە ناو خێزاندا ئازادی خۆی بە دەســـت نەهێنێ، هیچ سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی ســـەرکەوتنێکی وەها بەدەســـتناهێنێ. لە بیرشمان نەچێ پیاویش لە زۆر بواردا، بارگرانییەکی زۆری لە سەر شـــانە. دەبێ رەچاوی هاوسەنگی ئەرك و مافی هەroولا بکرێت. بێجگە لەوەی کە ئێمە زۆر کێشـــەی کۆمەڵایەتیمان هەیە وەك زۆری منداڵ و زۆری ژمـــارەی ئەندامانی خێـــزان و کۆچ و.. تاد ئەوانە لە داڕشـــتنی سیاســـەتی کۆمەڵایەتیدا دەبێ حســـابی ورد و زانســـتیانەیان بـــۆ بکرێت. ئەوجا لە داڕشتی سیاســـەتی کۆمەڵایەتیدا دەبێ دوو شتی زۆر گرنگ رەچاو بکرێت: یەکەم ئەوەیە کاتێك دەســـەڵاتی سیاسی ئەم سیاسەتە دادەڕێژێ دەبێ بە هـــاوکاری و هەماهەنگی هەموو چین و توێژەکانی گەل بێت و رەچاوی ماف و ئیمتیازاتی چینایەتـــی و کۆمەڵایەتیان بـــکات. دووەم ئەوەیە سیاســـەتی کۆمەڵایەتی بۆ کێ و بۆ چ ئامانجێك دادەڕێـــژرێ. ئایا چۆن دەڕوانرێتـــە رۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدا، چ ســـتراتیژییەتێکی دەبێ بەرامبەر رێکخســـتنی خێزان، پەروەردە و فێرکردن، دابونەریتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان، وەرزش بەگشـــتی و وەرزشـــی کۆمەڵەکیی و ئافرەتان بەتایبەتی، دەزگا و دامەزراوەکانـــی ئـــەوەی پێیدەڵێـــن کۆمەڵگەی مەدەنی....تاد ئایا ئەمانە بەشێوەیەکی زانستیانە و وردکراون ؟ بۆیە پێموایە داڕشتنی وەها سیاسەتێك جگە لەوەی کە سیاسەتێکی زۆر پێویستە، کۆمەك بە پێشخســـتنی وڵاتیش دەکات. ســـەیری وڵاتانی دنیا بکە، بەتایبەتی دنیای پێشـــکەوتوو، هەر وەك نموونەمـــان بە گریکی کۆنیش هێنایەوە، هەموویان بە هۆی بایەخدانیان بە سیاســـەتی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتوون.



# کرێکارە عەرەبەکان لەسەر



بەهۆی باش بوونی باری گوزەرانی خەڵك و باری ئابووری کوردستان هەروەها فەراهەمبوونی هەلی کار، ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی بیانی و بەتایبەتیش کرێکارانی خواروی عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ کارکردن. ئێستا ئەگەر سەردانێکی شەقامی مەخمووری شاری هەولێر بکەی ژمارەیەکی زۆر و زەوەندی کرێکارە عەرەبەکانی شارەکانی خواروی عیراق دەبینی چۆن بەم قرچەی گەرمایە رادەوستن و چاوەڕێی یەکێك دەکەن بیانبات بۆ کارکردن. ئەم کرێکارە عەرەبانە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەری موسڵن و لەگەڵ هەندێك ناوچەی تری باشوور و ناوەڕاستی عێراق. بەڵام لێرە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە ئەو کرێکارانە کاتی نیوەڕۆیان یان پاش کاتژمێر ١٠ بەشێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش بەدرێژایی ئەم شەقامە لە سەر شۆستەکان پاڵدەکەون. ئەو کرێکارانە هۆکاری ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی شوێنێك کە بشێ بۆ ئەوەی لێیپاڵ بکەون و پشووی تێدا بدەن. هەروەها لە لایەکی ترەوە کرێکارانی خۆشمان گلەییان لە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاری بیانی هەیە و پێیان کارێکی خراپە ئەو کرێکارە عەرەبانە بەو رێژە گەورەیە روو لە هەولێر بکەن بۆ کارکردن، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی هەلی کاری گونجاویان لەدەست بچێ و کرێی و هەقدەستیان کەمبێتەوە، زانیاری زیاتر لەم راپۆرتەدا بخوێنەوە...

کرێکارێکی عەرەب:داوا دەکەین گۆڕەپانێکی تایبەت بۆ کرێکاران بکرێتەوە

# شەقامەکان پاڵ دەکەون؟



ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری کرێکار دێنە ناو شاری هەولێرەوە بۆ کارکردن **(عەبدولوەهاب)ی تەمەن ٣٤ ساڵ یەکێکە لەو کرێکارانە کە ڕۆژانە دێتە هەولێر بۆ کارکردن و ئەو دەڵێت:** ڕۆژانە لێرە بە ٢٠ هەزار دینار دەچمە سەرکار، بەڵام کارەکەی ئێمە هەموو ڕۆژ نییە. ئەو هۆکاری هاتنی بۆ هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە شارەکەی خۆیان هەلی کارنییە، بگرە ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە و پارەکەشی هەر کەمە. ڕۆژانە دەبینین زۆرێك لەو کرێکارانەی کە هاتوونەتە هەولێر لەسەر شەقامەکان یاخود هەر شوێنێك کەسێبەری لێبێت بە کۆمەڵ پاڵدەکەون، ئەم کرێکارە هۆکاری ئەمەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی کار، چونکە کرێکارە عەرەبەکان تا پاش نیوەڕۆ دەمێننەوە هەر وەك **(عەبدولوەهاب) دەڵێ :** ناحەقیشیان نییە، چونکە هیچ شوێنێکی تریان نییە بۆی بچن و کەمێك تیایدا پشووبدەن. لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: زۆرسوپاسی خەڵك و حکومەتی هەرێم دەکەم هەرچەندە ئێمە بۆ کارکردن دێین، بەڵام پێشوازییەکی گەرممان لێ دەکەن.

**(یاسین عەبدولوەهاب)یش گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵەیە و بۆ کارکردن هاتۆتە هەولێر و ئەویش بەم شێوەیە بۆمان دووا** «ئێمە چەند کەسێکین بەیانیان زوو دێینە هەولێر دواتر یەکێك دەمانبات بۆ کارکردن بەنرخێکی هەرزانتر لە کرێکاری ئەو شارە. ئەو کرێکارە ئاماژە بەوە دەدا کە هۆی پاڵکەوتنیان لە سەر شۆستەکان و شەقامە سەرەکییەکان کە دیمەنێکی تا ڕاددەیەك ناجۆری هەیە، ئەوەیە کە هەندێکجار خاوەنکارەکان ئەوان نابەن بۆ کارکردن بۆیە لێرە بێئیش دەمێننەوە و بە ناچاری تا پاش نیوەڕۆ لێیرادەشکێن و پاڵدەکەون، دواتر دەچنەوە مەخمور و ئەو شارانەی کە لێیهاتوون. وتیشی: بەو گەرمایە ناچارین لێرە پاڵبکەوین، چونکە هیچ شوێنێکی ترمان نییە لێیبحەسێینەوە. ئەو پارەیەش کە لە کارکردنی ئێرە دەستمان دەکەوێت دەتوانین پێوەی بەڕێوەبچین، چونکە شارەکانی تری عێراق کاری کەمی لێیە و پارەکەشی کەمە، بەڵام لێرە هەلی کار زیاترە و پارەکەشی زیاترە.

**(زین نوری) تەمەن ٢٩ ساڵە و ماوەی پێنج مانگە بۆ کارکردن دێتە هەولێر، ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت :** ئێمە بە هەرچەند و نرخێك بێت دەچین بۆ کار، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕۆژەی دێین بۆ کار بە دەستی بەتاڵی نەچینەوە. سەبارەت بەو کرێکارانەی کە لە ڕۆخ شەقام و شۆستەکانیش بەبەرچاوی خەڵکەوە پاڵدەکەون دەڵێ : بەڵی ڕاستە بە تایبەت کاتی نیوەڕۆیان هەندێك لە کرێکارەکان لەسەر ڕێگەی خەڵکی رادەکشێن، ئەگەر شوێنێکی تایبەتیان هەبێت لەوێ ڕابکێشێن ئاساییە، بەڵام لێرە و بەم شێوەیە منیش پێموایە کارێکی ناشیرینە، بریا حکومەتی هەرێم شوێنێکی بۆ دابین دەکردین و خۆشمان و خەڵکیش لەم جەنجاڵی و شۆستە گرتنە ڕزگار دەبین..

## کرێکارانی خۆشمان گلەییان هەیە

بێگومان زۆربوونی ژمارەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان کار لە دەستکەوتنی هەلی کار بۆ کرێکارانی خۆمان دەکات. لەم ڕووەوە **(ئەحمەد ئەنوەر) دەڵێ:** زۆربوونی کرێکارانی دەرەوەی هەولێر کاری کردۆتە سەر کاری ئێمە، هەروەها ڕۆژانەکەشمان کەمبۆتەوە، چونکە کرێکارە عارەبەکان بە نرخێکی زۆر هەرزانتر دەچنە ئیش، ئەمەش وا دەکات کە کار بۆ ئێمە کەم ببێتەوە، چونکە بەو نرخەی کە ئەوان پێ دەچنە سەر ئیش ئێمە ناتوانین بەو بڕە پارەیە بچین و بۆیە داواکارم لە حوکمەتی هەرێم چی تر ڕێگە بە کرێکارانی بیانی نەدات بەو ژمارە زۆرەوە بێنە ناو هەرێم، چونکە کارەکە خۆی بەرەو کزی و لاوازی دەڕوات و هێندەی دیکە بێکاری پەرەدەسەنێت.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەحمەد، وەستا **(وەلید عوسمان) دەڵێ** «من زۆرم پێخۆشە ئەو کرێکارە عارەبانە لێرە کار دەکەن، چونکە لە کرێکارەکانی خۆمان زیاتر خۆیان ماندو دەکەن و زیاتریش ئیش دەکەن بە پارەیەکی کەمیش، من ناڵێم کرێکاری خۆمان ئیشکەرنین بە پێچەوانەوە ئیشکەرن، بەڵام زیاتر هەوڵدەدەن خۆیان بدزنەوە، بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانم کە داواش بکەم حوکمەت لێبگەڕێت زیاتریش بێنە ناو شارەوە، چونکە سەردەمانێك بوو ئێمە دەچووین بۆ موسڵ و شوێنەکانی تر بۆ کارکردن بۆ ئەوەی تیکەیەك نان بۆ ماڵ و منداڵمان پەیدابکەین، ئێستاش ئەوان پێچەوانەی ئێمەن، چیتێدایە ئەگەر ئەوانیش لێرە نانێك بەهۆی ئێمەوە پەیدا بکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەڕاستی هەلی کاری زۆر تێدایە و ناوچەیەکی ئارامە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا (هەژار ڕواندزی ) پاڵکەوتنی ئەم کرێکارە عەرەبانە لەسەر شەقامەکان بەم شێوەیە بە کارێکی ناشیرین وەسف دەکات و دەڵێ «بەبەردەوام ڕۆژانە بێرەدا هاتووچۆ دەکەم، بەڕاستی کارێکی نەخوازراوە، چونکە لەلایەك زۆرم بەزەیی پێدادێتەوە، لەلایەکی تر زۆر بە ناشیرینی پاڵدەکەون. جا داواکارم لە لایەنی پێوەندیدار شوێنێکیان بۆ دابین بکات، چونکە هەریەکێك لە ئێمە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ بێرەدا تێپەڕێت دەبینێت ئەو کرێکارانە لەبەر ئەو گەرمایە ڕاکشاون، بەزەیی پێیاندا دێتەوە.

**کرێکارێکی کورد:هاتنی کرێکارانی عەرەب کاری کردۆتە سەر کارکردنی ئێمە و نرخەکشی**



# بۆچی تا ئێستاش لە نێو فەزای سیاسی کوردس

**✿ دەرکەوتنی ژن لەکایەی سیاســەت و دەرکەوتنی وەك کەسێکی سەرکردە کۆمەڵێك ئاماژەی سیاسی گرنگ دەبەخشــێت . بەڵام ئەوەی کە جێگەی نیگەرانی و مایەی پرســیارە ئەوەیە کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ژن وەکو سیاســەتمەدار و وەك سەرکردەش بەمانا راستەقینەکەی نییە ..بێگومان ئەوەش هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری لەپشتە .لە راستیدا هۆکارەکان زۆرن، بۆ دەرخستنی بەشێکی ئەو هۆکارانە ✿**

**سەمیرە محەمەد چالاکەوانی سیاسی: لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا ە پیاوەوە گرێدراوە بۆیە هەمیشە ژن لەم کایەیە بێبەش کراوە**

( ســەمیرە محەمــەد )ی چالاکوانی سیاســی ئامــاژە بەهەندێ خەســڵەتی کەســی ســەرکردە و دەڵێ : تیۆریەکانی ئافرەتی ســەرکردە ئەوە نیشــان دەدەن کە کەسی سەرکردە خەسڵەتی سەرکردە بوونی لەخۆیدایە تێدایە. واتە کەســی سەرکردە دروســت ناکرێت بەڵکو خۆی خەســڵەتی ســەرکردە بوون لە سروشتیدایە و پێویستە چالاك بکرێت. یەکێك لەو خەســڵەتانەی کەسی سەرکردەی پێیبناســرێتەوە ئەوەیە کە خاوەن ئیرادەیەکــی باش بێت و چۆك دانەدات لەبەردەم کێشــە سیاســییەکان. یەکێکــی تر لە خەســڵەتەکان ئەوەیە، کە هەمیشە کەســی ســەرکردە چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی بۆ دۆخەکان پێیە . پێویستە خاوەنــی جەماوەرێکــی باشــیش بێت و یتوانێت بــارودۆخ ڕابگرێــت، بەجۆرێك بەئاســانی جەماوەرەکــەی تەســلیم بە کارەســات و ئەزمەیەکی سیاسی نەکات و رۆحی بەردەوام بوونــی تێدا بێت. زۆر جار ئــەو گلەییانە دەکرێــت کە ئافرەتی ســەرکردەمان نییە، ئەقڵــی کۆمەڵگەی ئێمە بەوە نەگەیشتووە کە کەسی سیاسیی دروســتبکات بەڵام ئەو کەســە بۆ خۆی هەیە پێویست بە دروستکردنی نییە.

جا بــە حوکمی ئەوەی کە سیاســەت لەکوردستان بە پیاوەوە گرێدراوە، هەمیشە ژنانیان لێ بێبەری کردووە، بۆیە تائێستاش ئەو دەرفەتە دروســت نەبــووە بۆ ئەوەی ئافرەتی سەرکردە دروســت ببێت.لاموایە بیرکردنەوەی کۆمەڵگە وا شکلی گرتووە کە سیاسەت هی پیاوانە، جا بۆیە گرنگ نییە ژنی سەرکردە هەبێت یاخود نا.

یەکێك لەو هۆکارانەی بۆتە هۆی ئەوەی ئافرەتی ســەرکردە دەرنەکەوێت ئەوەیە تا ئێستاش وەکو من دەیبینم زۆربەی دەسەڵاتە گرنگەکان پیاوانی تەمەن گەورە بەڕێوەی دەبەن، ئەم کەلتووری پیاو سالارییە زیاتر لەلای ئــەم پیرانەوە ماونەتەوە. گرفتێکی دیکەی گەورە لەکوردســتان ئەوەیە کە تا ئێستاش سیاســەت گرێدراوە بە ڕەگەزی نێرینەوە و رەگــەزی مێینەی لێ بێبەش کراوە. بۆیە دەرفەت نەخوڵقاوە ئافرەت خۆی لەســەرکردایەتیدابیبینێت یان تاقیبکاتەوە. چونکــە پێویســتی بــە خۆتاقیکردنەوە هەیە لەوەی کە بزانێــت بۆچی جەماوەر متمتانەی بەئەم داوە و دەستنیشــانیکردوە بــۆ بەڕێوەبردنی دەســەڵات. گرفتێکی تــر ئەوەیــە زۆر جار ئافرەتی ســەرکردە پەروەردەی وەهایە کە بەبــێ بێمتمانە لە تواناکانــی خۆی دەڕوانێت. هەمیشــەش



# ـستاندا ئافرەتی سەرکردە دەرنەکەوتووە؟

ئەوە بەئافرەت دەوترێت، بۆ وادەکەی، ئەوە بۆچی وابوو. بۆیە دواتر ژن تاقەتی ئەوەی نامێنێت لەگەڵ ئەم پرسە بەرجەوام بێت .

هۆیەکی تریش ئەوەیە کە ژن بڕوای وابوە کە ناتوانێت ئەم قۆناغە پڕ لە شەڕو شۆڕە ببڕێت. چونکە ئەوە دەزانین کە قۆناغی سیاسی کوردستان قۆناغێکی پر شەڕو شۆڕ بوە. ئەگەر چی ئەوە سەلمێنراوە کە ژن لە کاروباری بەڕێوەبردن سەرکەوتوترە لە پیاو، بەهۆی ئەوەی کە ژنان ئاشتەوایی ترن لە پیاوان، بۆیە زیاتر ئەوانن کە پەیامی ئاشتیان پێیە .. بەڵام خەسڵتی سەرکردەیی بوونی ئافرەتیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێ، ئەم لایەنە ( ڕێبوار کەریم ) باشتر روونیدەکاتەوە و دەڵێ :

خەسڵەتەکانی سەرکردەبوونی ئافرەتان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت واتە پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە کە ژیانی ئافرەتانی تێدا دەگوزەرێت. سەرکردەی ئافرەت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بریتییە لە بڕوایەکی تەواو کە لەناو کۆمەڵگەوە دروست ببێت لەبەرانبەر توانای سیاسی ژنان. ئافرەتانیش لەپاڵ پیاواندا بتوانن رۆڵ بگێڕن لەبەڕێوە بردنی وڵات و سەرۆکایەتی کردندا.

ئافرەت نابێت چاوەڕێی دەستی ئەوانیتر بێت، پێویستە خۆی هەوڵی خۆدروستکردن بدات. من لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونانە نیم کە دەڵێ ئافرەتی سەرکردەمان نییە بەڵکو هەمانە بەڵام کەمن، ئەمە تەنها ئافرەتان نین ئەم گرفتەیان هەبێت بەڵکو لە پیاوانیشدا پیاوی سەرکردەمان کەمە، بەو مانایەی توانای بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی هەبێت. لەڕوی جۆریشەوە هەمویان سەرکەوتوونین. هۆیەکیتریش ئەوەیە کە ئافرەتان ئیرادەی ئەوەیان هەڵبژاردووە کە ناتوانن ئەو پۆستە بەڕێوەبەرن و باشترە بۆ پیاوان بێت. بەڵام ئەم بیرو بۆچونانە لە داهاتویەکی نزیکدا دەگۆڕێن لەبەر ئەوەی ئافرەتان لەکوردستان بەو ئاستە گەیشتوون کە پۆستی بەڕێوەبردنی دەسەڵات وەربگرن و پێویستە کۆمەڵێك لە یاساو ڕێساکانی تایبەت بە بەشداری ئافرەتان لە بواری سیاسەتدا بگۆڕێن، ئەگەرچی ئەوەش پێویستی بە هێزی گوشاری ئافرەتان هەیە. هۆکاریکی تری ئەو ناکۆکیەیە لەنێوان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان کە تائێستا کۆمەڵێك ململانێ لەنیوانیاندا هەیە، پێموایە ئەمە نەك تەنها لە خۆمەت ئافرەتاندا نیە بەڵکو ناشتوانێ ئافرەتی سەرکردە بەرهەم بهێنن.. هەر لەو رووەوە «ئەڤین محەمەد (دەرچووی کۆلیژی سیاسەت) دەڵێ: هۆکاری بەشداری نەکردنی ئافرەتان لەنێوەندەکانی سیاسەت بەگشتی و سەرکردە بوونیش بەتایبەتی پەیوەندی بە متمانە نەبونی کۆمەڵگەوە هەیە لەبەرانبەر ئاستی توانای ئافرەتان. چونکە تائێستا بەو کەسایەتییە ئافرەتانەی لەسەر ئاستی دنیا هەن. وەك هیلاری کلینتۆن، ئەنجێلا میرکڵ..... تاد. کە باسی ئەوەدەکەم کەمن سیاسەتم خوێندوە پێمدەڵێن باشە ئەو بەشەی تۆ چ گرنگییەکی هەیە. بەڕاستی ئەمە زۆر ترسناکە تا ئێستا من هیچ نیم وەك ئافرەت لە بواری سیاسیدا. هۆکارێکی تر ئەوەیە شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیایی وڵاتی من زۆر لەبار نییە. چونکە کەلتوری رۆژهەڵات جیاوازە لەکەلتوری رۆژئاوا، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر

ئەڤین محەمەد : هۆی ئەوەی کە ئافرەتی ئێمە لە نێوەندی سەرکردایەتیدا بوونی نییە ئەوەیە چونکە کۆمەڵگە متمانەیانی پێ نییە

کەلتوری کوردی داوەتەوە. بەڵام ئەوەشمان بیرنەچێت لەم قۆناغەی ئێستادا ئافرەتان زۆر لــەوە چالاکترن کە نەك پیاوان بەڵکو هیچ هێزێــك ناتوانێــت بێدەنگیان بکات لەبەشداری سیاسی و سەرکردایەتیدا.

هۆکارێکیتر ئەوەیە ئافرەتان لەکوردستان خاوەنــی ڕاگەیاندنێکی باشــی تایبەت بەخۆیــان نیــن تــا بتوانــن لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکەیانەوە ئەو ئافرەتە بەتواناییانە بناسێنن کە دەتوانن دەسەڵاتی بەڕێوەبردن وەربگرن، چونکە پیاوان دروست بەراگەیاندن بوون. بمانەوێت و نەمانەوێت سیاســەت و ڕاگەیاندن لە کوردســتان لە بەرژەوەندی گەشەی نێرینەدا بوە و لە زەرەرو شکاندنی دەروونی ئافرەتاندا بوون. بۆیە من پێم وایە سەرکردایەتی بەڕێوەبردن ئەوەندە کارێکی قورس و ئەستەم نییە کە بەئافرەتان بەڕێوە نەبرێت بەڵکو پێویســتە ئــەو دەرفەتە بە ئافرەت بدرێت تا خــۆی تاقیبکاتەوە لەو بــوارەدا. بەبــڕوای (هیدایەت عەلی)ی ناکرێ ئــەو دوو ڕەگەزە لەیەکجیابکرێتەوە ئــەو دەڵێ : حەزناکەم ئــەو دوو کیانە لە یەکتــر جیا بکرێتــەوە و بۆیە من باس لە خەســڵەتی ســەرکردە لە مرۆڤدا دەکەم، پێموایە ســەرکردە ئەگەر خەســڵەتێکی ئەخلاقی و مرۆیی تێدا بەرجەستە نەبوو و خاوەن بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی نەبوو ئەوا ناکرێ ناوی ســەرکردەیەکی ڕاستەقینەی لێبنێیــت، بەڵام ئەوەی کە لە کوردســتان تا چەند زەمینە لەبــارە بۆ ئەوەی ژنیش بتوانێت پێبەپێی پیاوان بگات بە ئاســتی ســەرکردایەتی لێرەدایە کە دێت و لەیەکتر جیا دەکرێنــەوە و وادەکات ڕێژەتاژێکی لەم شــێوەیەی لێ بکەوێتەوە لەبەر ئەوەیە کە ژن خراوەتە پەراوێزەوە. لە کوردســتان ئــەو ژنانەی کە دەبێ بگەن بە ئاســتی ســەرکردایەتی دەبێ چەنــد خاڵێان تیادا ئامادە بێت، یەکەمیان ئەوەیە کە دەبێ بە فیلتەر و کەناڵی حزبــدا تێپەڕێت یاخود لە کەســی یەکەمی حزبەوە نزیك بێت و یــا ئەوەی کە ئاخۆ فــەزا و نەریتی ئەو حیزبە کە لەسەر نەریتی کۆمەڵگە چەقی بەستووە و دروستبووە، ئەوە هەڵدەگرێت کە ژن بخاتە پێشــەوە و وەك سەرکردە سەیری بکات. ڕەنگە سەرکردەی ژنمان لەناو کورددا هەبێت بەڵام ئایا ئەو سەرکردایەتییە لەناو کولتوور و نەریتدا جێگەی کردووەتەوە یان ئەوە تەنها ڕواڵەتێکە و هیچی تر، بەڵام بە

**هیدایەت عەلی : لای ئێمە ژن تەسلیمی بیرکردنەوەی پیاو بووە بۆیە ناتوانێ وەك ژنێکی سەرکردە دروست ببێت .**



سەمیرە



هێدی



ڕێبوار

گشتی ژن ئەگەر بیهەوێت وەك سەرکردە ســەیر بکرێت دەبێ یەکەم سەرکردەیەکی ئەخلاقی بێت و ســەرکردەیەکی لانیکەم ئاکادیمی و وشــیار بێــت . لەهەمووی گرنگتــر ئــەو ئەرکەی کــە دەکەوێتە سەرشــانی، بەتایبەتــی لــە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت کوردستاندا دەبێ زیاتــر چاودێــری دۆخ و هەلومەرجی ژن بــکات کە بە دۆخێکــی نامرۆڤیدا تێدەپەڕێت و لە بینگەی سیاســییەوە بە کیانێکی کەم و بچوك سەیر دەکرێت، بۆیە پێویســتە کۆی ئەو لایەنانەی لەبەرچاو بێت. فەزای سیاســی لە کوردستان لە شــاخەوە دەســتیپێکردووە و فەزایەکی توندوتیژانە بــووە و لەبەر ئەوەی زات و خــوو و دەروونی ژن دەروونێکی توندوتیژ نەبــووە و نەیتوانیــوە بڕوات و لەشــاخ چــەك هەڵبگرێت و دوژمــن بکوژێت، دووهەم ئەوەی کە لەڕووی جەستەییشەوە نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵــە ببینێت، ئەوەش کە هەبووە دەگمەن بوون و ناکرێ پێی بڵێی ســەرکردە. ئەوانە هەموو دەستیان داوەتە دەســت یەکتر بۆ ئەوەی ژن بێبەش بێت. نەریتێك کە لەناو فەزای سیاســی حزبە کوردییەکاندا ئامادەیە ئەوەیە کە ئەوانەی لە شاخ خەباتیان نەکردووە چوونیان بۆ ناو ڕیزی ســەرکردایەتی کارێکی ئەستەمە و ئــەوەش بووەتە هــۆی خورانی مافی ژنان چــوون نەیتوانیوە لەو فەزایە کەڵك وەربگرێــت لەبەر ئەوەی فەزاکە هی ئەو نەبووە تا کایەی تێــدا بکات. ژنیش لە کوردستاندا تەسلیمی دەستی بیرکردنەوەی پیاو بووە و ئەوەی کردووە بە واقعی خۆی وەك ئەوەی کە ژن نابێ خۆی لە سیاسەت بدات و نابــێ کۆمەڵێك نەریت ببەزێنێت و نابێ هێڵە ســنوورەکان ببڕێت و هەوڵی نەداوە لەڕووی ڕۆشــنبیری و فکری و ئاکادیمییەوە خۆی بسەلمێنێت.

هەروەك باســمان لێوە کرد لەناو حزبە سیاســییەکاندا فەزایەك ئامادەیە کە ژن ناتوانێ تیایدا هەناسە هەڵمژێت کە دەبێ وەك ســەرکردە هەڵیمژێت و ناشــتوانێ ئەو هەناســەیە بدات کە پێی دەگوترێت ســەربەخۆیی بیرکردنــەوە و دووربینین بەپێی ئەو تواناییانەی کە خۆی هەیەتی، بەڵام لە حکومەتدا ئەوە بەندە بە وشیاری خەڵکەوە و خەڵکیش ئاســتی ڕۆشنبیری نەگەیشــتووەتە ئەو ڕادەیەی کە قبوڵی ئــەوە بکات ژن بگاتە ســەرکردایەتی و لە کوردســتاندا زیاتر لە ســەدا پەنجای جەمــاوەری ژنان پێکــی دەهێنن بەڵام دەبینــی ئەوانی کــە چالاکوانی بواری ژنانن و وشــیاریان لە ئاستێکی بەرزدا نیشــان دەدرێت و ئەوانەی لەسەر مافی ژن و مافــی مــرۆڤ قســە دەکەن، ئەوانیــش دەنگ نادەن بــە ژنان، لەبەر ئەوەی تەســلیمی ئەو کلتوورە سیاسییە زاڵــەن کە لە کوردســتاندا هەیە و بۆتە هــۆی ئــەوەی ژنان نەتوانــن بگەن بە ئاستی سەرکردایەتی، بۆیە لێرەوە فکرەکە نوقســان دەبێت کە ژن خۆی پشتگیری خۆی ناکات.




## گەنجی ئێستا ئەوەندەش کەمتەرخەم نییە

پارێزەر : ئومید عەبدولسەلام قادر

راستە نەوەی پێش ئێمە ناخۆشی و دەردەسەریان زۆر دیت، خەباتێکی بێوچان و نەبڕاوەیان کرد، ئەم رۆژەیان خولقاند، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نەوەی پێش ئێمە، بە تەمبەڵ و نانەتەوەیی و بێفکر و ئیشنەکەرمان وەسف دەکەن، تەنانەت بەوەش تاوانبار دەکرێین کە هاتووینەتە سەر حازری و زۆرجاریش لێرە و لەوێ بەم نەوەیە دەڵێن حازرخۆری بەر سێبەر!!!ئەمجۆرە هەڵوێستەی نەوەی پێش خۆمان لەئێمەمانان دڵڕەقییەکی زۆری تێدایە و جۆرە نادادوەرییەکیشی لەناواخندایە. راستە ئەو هۆ و پێناوانەی ئێستاکە فەراهەمن لە سەردەمی پێشوودا نەبوون، بەڵام بائەوەش بڵێین ئایا هەر نەوەی ئێستاش نییە کە بەشداری لە هێنانەدی ئەم هۆیانەی وەك ئینتەرنێت و مۆبایل و.... تاد کردووە؟؟ راستییەکەی ئەوەیە ئێمە بەردەوامێتی نەوەی پێش خۆمانین، بەڵام بە جیاوازییەکانمانەوە، نەك کۆپی ئەوان بین . ناکرێ ئێمە کتومت وەکو ئەوان بین، چونکە سەردەمی ئێمە و ئەوان چ لەرووی سیاسییەوە چ لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دوو سەردەمی نەك وەك یەك نین، بەڵکو زۆریش لێکجیاوازین. سەردەمی ئێستا سەردەمی بەعس و سەدام نییە تا ئەو وەختی لەگەڵ هی ئێستا بەراورد بکرێت، بەهی جاران بوترێ نیشتمانپەوەر و بەهی ئێستاش کەمتەرخەم!!!

ئەوەی پێش ئێمە ئەگەر بەم زهنیەتە ئێمە بخوێننەوە، پێموایە جگە لە یەك حاڵی نەبوون و لەیەك نەگەیشتن زیاتر هیچی تر بەدەست ناهێنین، ئەوەی گرنگە بتوانین ئەوەیە، سەرەڕای کەموکوڕییەکانیشمان، بەڵام هەردوولا تەواوکەری راستەقینەی یەکن.

## گەنج لەسەردەمی جاران و ئێستادا

تارا ئەحمەد – مامۆستای ناوەندی

ئەوەی کەس نکوڵی لێناکات ئەوەیە کە مرۆڤ لە تەمەنی گەنجیدا رۆڵێکی باڵا و گەورەی هەیە لەبینادنانی کۆمەڵگە و بەرەو پێشبردن و پێشخستن لەبوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازی و خوێنەواری و کۆمەڵایەتیدا و ئەرکێکی قورس ئەکەوێتە سەرشانی لە بەدیهێنانی ئەو ئەرکە پێویست و پیرۆزانەدا، دیارە کە رۆڵی گەنجان لەهەموو سەردەمێکدا وەك یەك نییە و ئەو رۆڵە لەبەر هەندێ هۆ تارادەیەکی زۆر لەیەك جیاوازە، گەنجان پێش نیو سەدە زیاتر ئامادە بوون بۆ قوربانیدان و رووبەڕووبوونەوەی ناحەزان و دوژمنانی وڵات و خاکەکەمان. بە پێچەوانەوە گەنجانی ئەم سەردەمەوە کە لام وایە ئەو پەرۆشی و ئامادەبوونەیان تێدا نییە و نایانەوێ خۆیان نزیك بکەنەوە لەهەر بابەتێك کە مەترسی تێدا بێت.

ئێستاش لەبیرمە کە لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا لەگەڵ گەنجێکی هەولێریدا کە لەعەینکاوە دائەنیشێت، لەبەندیخانەی بەعەقوبە بەیەکەوە بووین، بەڕێوەبەری بەندیخانەکە زۆر تەنگی پێ هەڵچنیبوو کە دەبێ پاکانە بکا لەکاری سیاسی و حزبایەتی، بەڵام ئەو هەر ملی نەئەدا و پاکانەی نەئەکرد، بۆ ئاخرین جار بانگی کرد و پێی وت: (سەرحەدون) کە ناوی کوڕەکە بوو ئەگەر پاکانە دەکەیت، سووکایەتیت پێدەکەم، سەرحەدون، چۆن وەڵامی دایەوە: پێی وت ئێوە میللەتێکتان سووك و ریسوا کردووە، منیش وەك یەکێك لەئەندامی ئەو میللەتە چی ئەکەی بیکە، بەڕێوەبەری بەندیخانەکە وابزانم ناوی(علی زین العابدین) بوو، هەردوو چاوی پەڕییە تەوقی سەری و زۆر توڕە بوو لەوەڵامەکەی، هەر ئەوەی پێکرا فەلاقەیەکی باشی کرد.

هەروەها نموونەیەکی تر لەو چاونەترسانەتان بۆ دەگێڕمەوە کە ئەویش بەرێکەوت هەر لە هەولێر بوو، بەرپرسی کۆگای توتن بوو، کارمەندێکی دەوڵەتی بوو. پێشمەرگە لەچاڵێکدا کۆگاکەی سوتاندبوو ئەویش گیرا، لەگەڵ مندا درا بەدادگای عورفی عەسکەری لە کەرکوك، دادگا بڕیاریدا ماوەی دە ساڵ لە نوگرە سەلمان زیندانی بکرێ، لەگەڵ پارەی توتنی ناو کۆگاکە بە (١١٤) سەدو چواردە هەزار دینار خەملاندبوویان لەگەڵ پەنجا فلسدا (١١٤،٠٥٠) ئەو چاو نەترسە یەکسەر دەستی کرد بەگیرفانیا کە لەپەنجا فلس زیاتری تێدا نەبوو دەریهێنا و خستیە سەر مێزەکەی بەردەم سەرۆکی دادگا و بەشێوە زارێك هەولێرییانە وتی: (جەنابی حاکم، ئێستا هەر ئەو پەنجا فلسەم پێیە، کە گەڕامەوە ماڵێ حەماڵێك بنێرە لەدووم ئەوی دیشت بۆ دەنێرم!).

ئەوەی سەرەوە تەنیا دوو نموونە بوون لەخۆڕاگریی و چاونەترسی دووکەس رەنگە بەسەدەها نموونە تری وا هەبێ کە من ئاگام لێنەبێ و جێگەی ئەوە نەبێ کە باسیان بکەم، ئەمە جگە لەو هەزاران کەسەی کە چەکیان هەڵگرتبوو و رووبەڕووی دوژمن بووبوونەوە و گیانی خۆیان بەخت ئەکرد لەپێناو سەربەخۆیی خاك و وڵاتدا، دیارە ئێستا زۆر کەمن ئەوانەی کە پڕکێشیی ئەوە بکەن هەڵوێستی لەوجۆرانە وەرگرن.

ئەوەش نابێ لەبەرچاو خۆمان گوم بکەین کە گەنج لەهەموو شوێنێکدا حەزی لەچاولێکەری کردنە و گوێ نادا بەوەی کە ئەو رەوشتە چاك و بەسوود بێ یان بێ سوود و خراپ بێ. ئێستا دەبینین کە رێژەیەکی زۆری گەنجان فێری قژ هێشتنەوە و ریش بەتەواوی نەتاشین بوون، هەندێکیش فێری سەرتاشین و سفرکردنی مووی سەریان بوون، تەنانەت لەناو بەتەمەنەکانیشدا، کە ئەمە لە چاولێکەری زیاتر هیچی تر نییە.

لێرەدا لەسەر دڵسۆزانی میللەت پێویستە رۆڵی خۆیان ببینن لەرێنوماییکردنی گەنجاندا و ئەگەر هەڵسوکەوتێکی ناتەواویان بەرچاوکەوت و رێگەی راستیان پیشان بدەن و دووریان بخەنەوە لەگرتنە بەری رێگەی چەوت و بێ کەڵك.

# گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی

**ئەم رووداوەی کە دەیگێڕینەوە هەر چەندە ماوەیەکی زۆریشی بەســـەرداچووە بەڵام چونکە لەســـەرێکەوە راستەقینەیە و لەســـەرێکی تریشەوە یەکجار دڵتەزێن و هەســـتبزوێنە و لە زاری خودی ئەو کەسەی کە رووداوەکەی بەچاوی خۆی دیتوە دەگێڕینەوە، جا هەم بۆ ئەوەی هەندێکجار ببینین کە مرۆڤ ئەگەر جڵەوی بۆ لایەنە تاریکەکەی هۆش شل کرد چۆن وەك بوونەوەرێکی ترسناك و بگرە دڕندە دەردەکەوێت، هەمیش بتوانین (تەنانەت ئەگەر بە نووسینیش بێت) ئەو گیانی دڕندەیی و شەڕانگێزییە لەناخماندا بکوژین ..ئەوەی ئەم رووداوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە کەسێکە ناوی (رێبوار)ە .**

### رێکەوت و هەندێ شتی دی

رێبوار گێڕانەوی بەســـەرهاتەکەی بەمشێوەیە دەستپێکرد و وتی: ســـاڵێکی خۆشی هاوین بوو، لەناچاری بارودۆخی تایبەتی خۆم، شارم بەجێهێشت رووم لە ئاواییەك کرد کە ماڵە خزمێکی نزیکمانی لێبوو. ئەمن لەبەر کێشەکەم دەبوو چەکیش هەڵبگرم گوایە پیاوم و پیاویش دەبێ شانبداتە هەمووجۆرە ناخۆشـــییەك و هەموو وەختێکیش چەکی لەدەست و لە شـــان بێت. دەی باشە، ئەخێری بوومە چەك هەڵگریش. رۆژ هـــات و رۆژ رۆیی، لەو ئاواییە مامەوە و ئاشـــنای خەڵکێکی زۆری بووم. رۆژم زۆر لێخۆش دەگوزەرا، هەفتەی یەك دوو رۆژێك لەگـــەڵ ماڵی خزمەکەمـــان دەچوومە ناو باخ و بێســـتانەکەیان، هەم یارمەتیم دەدان، هەم بۆ خۆم خەریکی میوە خـــواردن و راوە پۆر و کەو دەبووم. جاری واش هەبوو یارمەتی دەرودراوسێی ئەوانیشم دەدا. چەند فرسەخێك دوور لە ماڵی ناسیاوەکەمان، ماڵی کابرایەکی لێبوو ئەویش خەریکی باخەوانی بوو، بـــەڵام زیاتر بە مەڕومالاتـــەوە خەریك بوو، نازانـــم لەبەرچی تێکەڵی زۆر لەگەڵ خەڵکەکەی ئاوایی نەبوو. ئەمنیش ئەوەندە گوێم بەوە نەدا کە بۆ وایە..بەڵام دواتر زانیم مەســـەلە چییە. کابرا ژنێکی تا بڵێی جوان و نـــازداری هەبوو، ژنە لە جوانیان وەکو مانگ دەدرەوشایەوە. هی ئەوە نەبوو وەسفی بکەی. ئاخر دەتگوت خودا بەس ئەو ژنەی وەها بەجوانی لە سەر زەوی دروستکردووە، قژێکی خورمایی ئەســـتوور و خاو و دووچاوی گەورەی بە تریســـکەی پڕ ئاو و برۆ پڕ و کەوانی هەبوو. ئەم ژنە جوانـــە و ئەم کابـــرا زەبەلاحە چۆن بوو رێکەوتبوو کە ببوونە ژن و مێرد، نازانم. ئەو کاتی تەمەنی هەر بیســـت و پێنج ســـاڵێك دەبوو. چی لەبـــەر دەکرد لێیدەهات، چی لـــە زار دەهاتە دەر لێیجوان بوو. حەزت دەکرد هەر لەدیاری دابنیشی و تەماشـــای بکـــەی. بچووبایە هـــەر ماڵێك یا بێســـتان و رەزێك، هەندی بڵێی یـــەك و دوو ژن لێیخڕدەبوونەوە و دەیانگوت ئەوە حوســـنی رۆژێ هات، دیقەتیان لە زار و گفت و قسە و پێکەنینی دەدا، پەککـــو ماشـــەڵڵا لـــەو جوانییـــەی. ژنە سەرەڕای ئەو جوانییەشی دەنگێکی زۆر ناسك و میهرەبانانەی هەبوو، گفتوگۆشی تا بڵێی شیرین بوو، زۆر بەتام قســـەی دەکرد. کابرا رووداوێکی لێڕوودابوو، شـــتێکی وەهاش نەبـــوو، هەر هێندە بوو گوایە پێشـــتر پێش ئەوەی بیخوازێت لەگەڵ کوڕە گەنجێکی ئاوایی چـــاو چاوانێیەکی دوور بە دووری هەبووە و هەر هەندە، کە بۆتە قسمەتی ئـــەو پیـــاوەش رۆژێك ژنە رێکەوتـــی کوڕەکەی کردووە چەند ســـاتێك لەگەڵ یەك راوەســـتاوەن و وەکو دوو ناسیاوی گوندی چاك و چۆنیان کردووە و هیچـــی دی، بۆ کابرای مێـــردی نایانبینێت ئیدی دەیکاتە هەرایـــەك نەبێتەوە، بەڵام بە هیچ کلۆجێك رانەدەوەستا سوێندی خوارد بوو یان کوڕە دەکوژێـــت یا خۆی دەکوژێ. بەهەر قیمەتێك بێت بەسەد تکاو رجای مەلا و کوێخا و پیاو ماقوڵانی ئاوایی ئەوجا لە کەللەی شەیتان دەیهێننە خوارێ و هیچی نەقەومانـــد بوو. دەیانگوت پیاوێکی تا بڵێی رەشید و ئازا و بە جەرگە..

رووداوە دڵتەزێنەکەرێبوار بەردەوام دەبێ لەسەر قســـەکانی و دەڵێ: خەڵکی ئاوایی بە پارێز بوون لە هەڵســـوکەوت کردن لەگەڵ ژنە، چونکە کابرا زۆری دڵ ێپیس بوو. مـــاوەی یەك دوو مانگی پێچوو، مقۆ مقۆو ســـرتە ســـرتێك لە ناو ئاوایی لە ســـەر ژنە پەیداببوو، بەڵام کەس نەیدەویســـت شتێکی وەهاش بدرکێنێ، نەبادە تووشی کێشەیەك بن کابرا هی ئەوە نەبوو گاڵتەی لەگەڵدا بکەی. دەیانگوت ئەو زەلامە شتێکی لەنێوچەواندیە وەها بە ئاســـانی داناسەکێ. چەند رۆژێك بوو بە سەر ئـــەو مقۆ مقۆیانەدا رەتببوو کە، رۆژێك پاشـــی نیوەڕۆیە بوو بەسەر شاخی دەکەوتم. ماوەیەك بوو بەپێیان دەڕۆیشتم، وردە وردە بە سەر شاخ دەکەوتم هەتا لە ئەشـــکەوتێك نزیك بوومـــەوە، نیازم بوو تۆزێك دابنیشم بحەســـێمەوە ئەوجا لەنزیك دەرکی ئەشـــکەوتەکە پاڵ بدەمەوە، بـــەڵام لەپڕ گوێم لە دەنگێکی نزم بوو، دەنگەکە زۆر ســـەیر و غەریب بـــوو، دەنگی مـــرۆڤ بوو، بەڵام ئـــەی خودایە بۆ وەها غەریب و ســـامناك دەهاتـــە بەر گوێم!! دەنگەکە هەندێجـــار لەگەڵ نووزە و هەندێجاریش لەگەڵ هەناســـە ســـواری تێکەڵ دەبوو. دەبڕا و دووبارە دەهاتەوە بـــەر گوێم لە خۆمەوە بەپارێز و بە ئەسپایی، لە زارکی ئەشکەوتەکە نزیکبوومەوە. چەنـــد نزیکدەبوومـــەوە، ئەوندەش ترس و ســـامم لێدەنیشت، چونکە تا دەهات باشتر گوێم لە دەنگە دەنگی زەلامێك و دوان دەبوو. تفەنگم لە شان بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم تووند تووند دەستم لە قایشـــی تفەنگەکەم گیر کرد بوو، نەشمدەزانی ئەو شڵەژاوییەم لە چییەوە بوو. وردە وردە چوومە پێشەوە هەتا گەیشـــتمە بەر زارکی ئەشکەوتەکە. ئەشـــکەوتەکە زارکی گەورە بوو دەتگوت دەرکەی حەســـارێکە، کاتێك گەیشـــتمە ناو ئەشکەوتەکە خەریك بوو زراو رژاو بم، لە ترســـان چاوم ئەبڵەق بوو، رەنگم پەڕی واقم وڕما خودایە ئەوەی دەیبینم راستە یان مۆتەکە و خەونێکی ناخۆشە، ئارەقەکی ساردی بێزارکەرم بەلەشیدا دەهاتە خوارێ، دەبینم کابرای مێردی ژنە جوانەکە بوو، کێردێکی گەورە و زەبەلاحی لە دەســـەتدا بوو، هەموو لەشـــی لە ئارەقەدا شەڵاڵ ببوو، گەنجێکی جوان و نازداری لـــە بنەخۆی نابـــوو وەکو کار بە زەویـــدا دا بوو، گەنجەکەی تووند تووند بە گوریســـێکی مەیلەو ئەســـتوور بەستابۆوە، پشـــتی بە زەویدادا بوو دوو مێخەکی لەملا و لەولای لە دەستیی چەقاندبوو، تەشبیهنەبێ وەکو عیسای مەسیحی، لەسەر زەوی پشتاوپشت لە خاچی دابوو. کەوتبووە سەر کوڕەکە، کەوڵی دەکرد، لـــەلای پێیەوە کەوڵی کردبوو هەتا سەر سینگی هاتبوو. کوڕە روحی لە بەردا مابوو، بەڵام هێزی لەبەر بڕابوو، نوتقی نەمابوو تەنها ئەوە نەبێ کە نووزەی دەهات، و دەیتوانی چاو بگێڕێ، جار جارچاوی دەخســـتە ســـەر کابرا و ســـەیری دەکرد، کە چۆن خەریکی کەوڵ کردنییەتی. کابرا وەك ئەوەی بەرخۆڵەیەکی لەبەردەســـت دابێت نەك مرۆڤ ئەســـڵەن هەر مێشیش میوانی نەبوو، زۆر زاڵـــم و بێڕەحمانە کەوتبووە گیانـــی ئەم گەنجە بەســـتەزمانە. من کە ئەو دیمەنەم دیت، سامێکی گەورە و قووڵم لێنیشت، دەمم وشك بوو، زمانم لە گـــۆ کەوت، لە خۆمەوە دڵـــم کەوتە کوتە کوت و لێدانێکی خێرا، ئەوجا دەستەکانیشم کەوتە لەرزین.

بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com

# راستەقینەی دڵتەزێنی تاڵ

گەنجەکـــە کە چاوی پێمکـــەوت، زۆر بەقوڵی و کەساســـانە تەماشـــای کردم، فەقیرە هێزی تێدا نەبوو قسە بکات، بە چاو لێمدەپاڕایەوە لە دەستی رزگاری بکـــەم و لەو عەزابەی کەتێیدایە نەجاتی بدەم. من تفەنگ بەشـــانمەوە، تفەنگی چی چما هێندەی دار لاســـتیکێکیش هەیبەتی لە کن کابرا هەبوو، بەڵام ئەمن تەنانەت نەمتوانی قسەیەکیش بکەم، کابرای گۆرین هەســـتی بە هاتنی من کرد و ئاوڕیکـــی بێموبالاتی دایـــەوە وەك ئەوەی هەر وجوودیشـــم نەبێـــت کە رووی وەرگێـــڕا وچاوی پێمکەوت، هەر هێندەی گوت: بڕۆ لێرە رامەوەستە دەنا ئەتووش ئەوها کەوڵ دەکەم. بە قسەکەی زۆر ترسام، تەماشـــایەکی گەنجەکەم کردەوە هەمدیس چاوی پاڕانەوەی لە دووڕ چاوم نا، دەینووزاند کە بە فریای بکەوم و بەجێینەهێڵم. کابرا ئەوجارە تەنها تەماشـــایەکی کردم، وەك ئەوەی بڵێ دەی مەڕۆ دە ئێســـتا نۆرەی تۆش دێت، نازانم بۆ نەمتوانی تەنانەت قســـەیەکیش بکەم، یەکسەر پاشاو پاش گەڕامەوە دواوە و بەڕاکردن رامکرد، تەواوێك دوور کەوتمەوە و هێڵنجم هاتێ و یەکسەر رشامەوە، ئیتر بەرەنگی پەڕی و بە شـــپرزەییەوە بەرەو ناو ئاوایی بەڕێکەوتم، چوومە بەردەم مزگەوت مامۆســـتای ئاوایی و هەندێك خەڵکی دیکەی لێبوو، لەوێ دانیشـــتم و زۆر زۆر دەســـتم بە

گریـــان کرد، بەڵام گریانێکـــی چۆن زۆر بەکوڵ و بە کەســـەر، نازانم بۆ لاوازی و بێدەســـەڵاتی خـــۆم دەگریام، یان بۆ ئەو گەنجە کە لە بەرچاوم کەوڵدەکرا و هیچیشـــم پێنەدەکرا و بەو حاڵەشەوە بەجێمهێشت، وای کە ناخۆشە تۆ لەلایەك مرۆڤێك وەها زەلیل و بێدەســـەڵات ببینیـــی و لەلایەکیش مرۆڤێکی وەها دڕندە. لە هووڕژمی گریانێم دابوو بە ئامـــان و زەمان کڕ نەدەبوومـــەوە. خەڵکەکەم بەتەواوەتـــی نارەحەت و مشـــەوەش کـــرد، بەڵام مامۆستا نەیهێشت کەس سەری بخاتە سەر سەرم هەتا ئـــارام دەبمەوە. کە هاتمەوە ســـەرەخۆم، نیو کاتژمێرێکی پێچووبوو ئەوجا رووداوەکەم لە نووکەوە گێڕایەوە، ئیتر وەزعی ئاوایی بە تەواوەتی شڵەژا، کەسوکاری کوڕە گەنجەکە دەستیان دایە تفەنگی و رۆیشـــتن بە ســـەر چیا کەوتن و مامۆستاش بەگەڵیان، هەتا بووە شـــەویش نەهاتنەوە، خەڵکی ئاوایی بە تەواوەتی شـــپرزەو شـــێواو بوون. چەند جارێك لە دوورەوە دەنگی تەقە بیسترا، بەڵام کەس نەیزانی چیبووە. تەقە لەچی یا لە کێ و بۆ کراوە. بووە بەرەبەری مەلابانگدانی بەیانی هەر هێندەمان زانـــی بەر دەرکی مزگەوت بووە قەرەباڵغی و قێژە و نەعلەی ژنان مەیتـــی کوڕەیان بە کەوڵکراوی هێنایەوە، پاشـــان دوو مەیتی دیکەشـــیان لە ناو بەتانیی لوول دابوون ئەوانیشیان هەر بە سەر پشتی وڵاغەوە هێنایە خـــوارێ. دوو مەیتەکە یەکێکیان مامی کوڕەکە بوو کە مێردی ژنە لە کاتی هێرش کردنە ســـەری کوشتبووی، مەیتەکـــەی تریـــش

مێردی ژنە کە خۆی بوو، کە هەموو ئازای لەشی وەکـــو بێژنگ بە گوللە کون کـــون کرا بوو، درۆ نەبێ پتر لە پەنجا فیشـــەکیان لێدابوو. مامۆستا لەگـــەڵ پیـــاو ماقوڵانی ئاوایی و کەســـوکاری کوڕەکە دانیشـــتن، کەســـوکاری کابـــرا کە تەنها یـــەك دوو کەســـی لەوێ هەبوو، هەر بەو شـــەوە هەڵاتبوون، ژنە بزر ببوو ئێســـتا و ئێستاش کەس نەیزانی کێوە چوو یا چی بەسەر هات ئایا کابرای مێردی کوشـــتبووی، ئایـــا زیندەبەچاڵی کردبوو نازانم، ئاخیرییەکەشـــی هەر نەمزانی، مامۆستا نەیهێشـــت ئیشەکە لەوە پیســـتر بێت. وایکرد کە ئیدی ئەوەی کە پێشـــتر قەوما قەوما، بەڵام رێی لە ســـووکایەتیکردن بە تەرمەکەی گرت. پاشان دەنگوباسی ئەوە بڵاوبۆوە کە گوایە کابرا ژنەکەی و کوڕەکەی بە ســـەر یەکـــەوە گرتبوون بۆیە ئەو تاوانە بێتامەی قەوماندبوو، ئەوجا ئەوە راست بوو درۆ بوو، نازانم، ئەمن هەر رۆژی دواتر تفەنگ و مفەنگم فڕێدا و ئەو ئاواییەم بەجێهێشت و ئێستاش کە ئێستایە لە بیرم ناچێتەوە.

**ئا: کامەران جەلال**



# گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن تا چ

**ســاڵانە لەگەڵ گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن کۆمەڵێك کێشــەش لەنێو قوتابیان و دایکان و باوکانیان تەنانەت لەنێو مامۆســتایانیش ســەرهەڵدەدات و زۆرجایش دەبێتە هۆی نارەزاییەکی زۆریی قوتابیان. بەشــێکی زۆری قوتابیان و هەندێکیش لە مامۆســتایان بە کارێکی نادروســتی دەزانن، بەڵام لەملاشەوە بەشێکی زۆری مامۆستایان جەخت لەوە دەکەنــەوە کە گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن کارێکی زۆر پێویســتە. هەروەهــا پێیانوایە کە پرۆگرامی نوێ ئەوەی**

**ســەرەتا ئەحمــەد جەبار قوتابــی پێنجەمی ئامادەیــی نــاڕازی خــۆی ســەبارەت بەم پرۆگرامەوە دەردەبڕێــت و دەڵێ** «بەڕای من پرۆگرامێکــە تەنیا قوتابی مانــدوو دەکات. بڕواناکــەم لــە ژیانــی ڕۆژانەمانــدا هیچ ســوودێکی ئەوتۆی لێوەربگرین. پرۆگرامی کۆن خۆشــتربوو، چونکە چەندین ســاڵ بوو دەوتراوە، بەڵام نوێییەکە مامۆستایەکانیش شــارەزاییەکی ئەوتۆیان لێی نییە. پێویستە لەســەر وەزارەتی پەروەردە کاتێك کتێب دەگۆڕێــت پێشتر ئامادەباشــی بۆ کرابێت لە هەموو ڕوویەکەوە، نەك وەکو ئێستا زۆر بەخێرایی کتێب دەگۆڕدرێت و دوایــش هەزار و یەك هەڵەی تێدا دەبینرێت. هەروەها لە ڕووی مامۆستاشەوە پێویستە ساڵێك پێش ئەوەی قوتابی کتێبی نوێ بخوێنێت، ئەو مامۆســتایە چەندین خولی لەمەڕ چۆنییەتی وتنــەوەی وانەکەی دیتبێت، تا شــارەزایی لە ماددەکە پەیدا بکات نەوەك قوتابییەکان بکاتە حەقلی تەجاربی خۆی. لە دوا قسەکانیشــدا وتــی تازە کتێبــەکان گــۆڕاوە نابێت دەنگ بکەین، بەڵام سەرمان لەو کۆرسانە دەرناچێت.

**بــەڵام هونەر عەبدوڵڵا کە قوتابی ســێیەمی ناوەندییــە بەپێچەوانــەی ئەحمــەد دەڵــێ** «کتێبەکانمان کتێبی زۆر ئاســان و خۆشن وا دەکات تــۆ لە هەموو بوارەکانی ژیانــدا زانیاریــت هەبێــت. ڕاســتە پێوەی ماندوو دەبی، بــەڵام وەکو کتێبەکانی پێشتر ماندوبوونت بە فیڕۆ ناچێت. هونەر تەنیا گلەیی ئەوە دەکا کە مامۆستاکان زانیارییەکی زۆریان نییە لەسەر ئەو کتێبانەی کە خۆیان دەیڵێنەوە.

**هێلین ئەکرەم قوتابی شەشــەمی ئامادەیی بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی خستەڕوو»** پرۆگرامەکان پرۆگرامێکی وانین کە سوودێکی زۆر بە قوتابیان بگەیەنێــت بەتایبەتی ماددەی کیمیا کە تەنیا ماندوو کردنە و هیچی ترنا.. هەروەها پێشیوایە ئەگەر کتێبەکان نەگۆڕدرابان زۆر باشــتربوو، چونکە مامۆستایەکان شارەزاییەکی باشیان لە پرۆگرامی پێشــتر پەیداکردووە، بەڵام لەگەڵ پرۆگرام گۆڕین مامۆستاش خەریکە بڵێم وەکو قوتابی لێدێت...بــەڵام گۆڕینی پرۆگرام چ کاریگەریەکی دەبێت بەســەر قوتابی؟ هێلین پێیوایە کە: هەر ساڵێك و پرۆگرامێك کاریگەری خراپی دەبێت بەســەر قوتابی، چونکە قوتابی دەگاتە ئەو ئاســتەی لــە قوتابخانە بێزاربێت و تووشــی بێئومێدیەك دەبێــت، بۆیە داواکارم ئــەم پرۆگرامــە نەگۆڕدرێت یاخــود ئەگەر گۆڕاش، ئەوا بکرێتە پرۆگرامێکی بەسوود و بەپێز و کەمترین هەڵەی تێدابێت، چونکە وابزانم کتێــب دەگۆڕدێت بێئەوەی پێش چاپکردنــی هەڵەکان چاکبکرێنەوە.



**مامۆستا لوقمان ڕەفیق: پرۆگرامی نوێ پرۆگرامێکی زۆر بەسوودە و پێویست بوو**

# ـەند سوودیان بە قوتابیان گەیاندووە؟

**کەئێستا لەسەری دەڕۆن و کاری پێدەکرێ زۆر پێشکەوتووە و وا لە قوتابی دەکات زیاتر خۆی ماندوو بکات و زیاتر حەزی بچێتە سەر بابەتەکان. لەنێو ئەم دوو بۆچوونە دژ بەیەك و پێچەوانەیە، کامیان بەهانەکانیان بەهێزترە ؟ ئایا تاچ رادەیەك قووتابیان گۆڕینی پرۆگرامەکانیان پێباشبووە؟ بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم پرسە ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد و بیروڕای جیاوازمان خستۆتەڕوو.**

### مامۆستاکانیش بۆچوونی خۆیان هەیە

**مامۆستا لوقمان رەفیق مامۆستای بیرکاری لە ئامادەیی رزگاری کوڕان سەبارەت بەم باسەوە وتی** «پرۆگرامی نوێ پرۆگرامێکی پێشکەوتووە زۆر زانیاری زیاتری تێدایە. بێگومان پرۆگرامی نوێ باشترە، چونکە بەجیهانی ئەمڕۆماندا بەستراوەتەوە نەك ئەو پرۆگرامەی تەنیا لە دنیای خەیاڵدا هەبوو. لەژیانی رۆژانەشماندا کەمترین سوودی لێوەردەگیرا، بەڵام ئەم پرۆگرامە خۆگرتن وکاتی دەوێ، قوتابی لێهاتووی دەوێ، کە داواکاری زانست بێت. هەروەها بینایەی گونجاو و کەلوپەل و تاقیگەو پێداویستی تەواوی دەوێ.

**هەروەها مامۆستا لوقمان وتیشی هەڵبەت ئەم پرۆگرامە نوێیە وەڵامی ئەوپرسیارانە دەداتەوە** کە وایان دەزانی ئەو زانستەی ناو کتێب خەیاڵەو لەژیانی رۆژانەدا هیچ سوودێکی نییە. بەڵام راستە ساردبوونەوەیەك لەقوتابیان بەرچاودەکەوێت بە بەراورد بە سالانی رابردوو... ئایا چ هۆکارێك وایکردووە قوتابی ساردبێتەوە؟ بۆ ئەم پرسیارە مامۆستا دەڵێ «زۆربوونی کەرستەو ئامێری کات بەسەربردن و سەرگەرم کردن و کاریگەری نەزانینی هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، تەرخانکردنی کاتێکی کەم بۆ سەعی کردن و خوێندن. لەگەڵ کەمی کاتیش قوتابی زۆربەی ساتەکانی خۆی بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل و شتی لاوەکی کە سوودێکی ئەوتۆی تێدانییە، بە فیڕۆ دەدات. بەڵکو قوتابیان هەردەم روویان لە نمرەی بەرزە و لایەنی رۆشنبیری و زانستیان فەرامۆش کردووە دوورکەوتوونەتەوە لە خوێندنێکی رێك و پوختی بە پلان. ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەنمرەی بەرز تاکە پێوەرە بۆئاستی قوتابیان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.. هەروەها مامۆستا لەبارەی ئاستی قوتابیانی ئێستا و پێشتر وتی «قوتابی ئێستا تا رادەیەکی باش خاوەن زانیارین و بەشێکیان زمان زیاتر دەزانن، بەڵام ئەم سەردەمە سەردەمی زمانی پڕۆفیشناڵە بۆیە زۆر بەدەرناکەون بەراورد لەکەڵ رابردوو. ئێستا خەڵکێکی زۆر زمانەکانی تر دەزانن، بەڵام کەمتر عەرەبی و ئینگلیزی.

**مامۆستا سامان خۆشناو مامۆستای سەرەتاییە**، ئەویش بەهەمان شێوەی مامۆستا لوقمان پرۆگرامی نوێ بەرز دەنرخێنێت و پێیوایە سوودێکی زۆری بە نەوەی نوێ گەیاندووەو توانیویەتی گۆڕانکارییەکی یەکجار بەرچاو دروست بکات، هەر لە رووی پێدانی زانیارییەوە تاکو زمانی قسەکردنیش، چونکە پرۆگرامی کۆن وای لە قوتابی نەدەکرد بەشداری بکات لەگەڵ مامۆستا، بەڵام لە پرۆگرامی نوێدا بەشداری بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە و باشە، چونکە وا لە قوتابی دەکات کۆشش بکات و ماندو ببێت و زیاتر حەزی بۆ کتێبەکان بچێت.. مامۆستا فێنك مستەفا-ش پێیوابوو کە هەموو پرۆگرامێکی تازە رەنگە کێشەشی لەگەڵدا لێپەیدابێت، بۆیە زۆر سرووشتییە کە نارەزایی نەك هەر لای قوتابیان، بەڵکو لای هەندێ لە مامۆستایانیش دروست بکات. ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەم پرۆگرامانە کراون حەتمەن زۆر بەهێزن، بەڵام پرۆگرام گۆڕین هەتا لەسەری رادێیت و کاریگەری بەدەر بکەوێ کات و شارەزایی و لێهاتوویی گەرەکە. بێگومان ئەو پرۆگرامانەش هێندێك کەموکوڕیان هەر هەیە وەنەبێ سەد دەر سەد تەواو بن، بەڵام کەمکوڕیەکان پێوەندیان بە لایەنی لوجیستییەوە هەیە، مەبەستم راهێنانی مامۆستا لەسەر پرۆگرامەکان، دابینکردنی هۆیەکانی فێرکردن و زۆر شتی تریش کە تەواوکەری پرۆگرامەکەن. پرۆگرام بەتەنیا هیچ نییە ئەگەر رەچاوی تەواوکراوەکانی نەگیرێت.

**مامۆستا لوقمان رەفیق: پرۆگرامی نوێ پرۆگرامێکی زۆر بەسوودە پێویست بوو**

